فەرماندەی هێزەکە (مستەفا چەمران) نەیدەویست تێکڕای هێزەکەی بەبۆنەی چەند چەکدارەوە، بە شەو، لەو شوێنە سەخت و چۆڵەوانییەدا بهێڵێتەوە، بۆ چەمران ئەوە گرنگ بوو، بەزووترین کات بگاتە بانە و هەواڵی داگیرکردنەوەی شاری بانە بە ڕژێم ڕابگەیەنێت...

نێزیک ئاوابوونی خۆر، پێشمەرگەکان، لە زیلەکە نێزیک بوونەوە و لەماوەیەکی کەمدا، دەستیانگرت بەسەر زیلەکەدا. لاشەی حەوت پاسدار لەنێو زیلەکە کەوتبوو، سیانی دیکەش لەلێواری جادەکەوە کوژرابوون. لەسەر جادە و لێواری جادەکە، لە چەندین جێگەدا خوێن ڕژابووەسەر زەوین. پێنج پێشمەرگە، نێردران بۆ نێو گوندی سوورێن تا بارگین و نان و خواردن بێنن. ئەوانی دیش، کەوتنە کۆکردنەوەی چەک و کەلوپەلی نێو زیلەکەوە. سەرجەم یانزە چەک و سێ سنووق فیشەک و سنووقێک نارنجۆک و هێندێ نان و خواردەمەنی و قوتووی گۆشت و لۆبیای سەربازی و کەلوپەلی دیکە کۆکرانەوە.

خەڵکی سوورێن، بۆ ئەوەی لە ئاگری شەڕەکە بێبەری بن، لەنێو ماڵەکان خۆیان شاردبووەوە، یان بەیانییەکەی زوو، بەرەو گوندەکانی دەوروبەری ڕۆیشتبوون، هەر بۆیە هەموو دەرگەکان داخرابوون. بەهەر جۆرێک بوو، چوار هێستر لە گەوری دوو خانوو هێنرانە دەرەوە و چەک و سنووقەکان بار کران و بە داوێنی ئەسحابە درێژدا هەڵگەڕان و لە کەل شۆڕبوونەوە و لە گوندی کوێرە گوێز شێویان کرد و بۆ نووستن ڕوویان لە هەوارەبەرز و کۆخی (قالەحاجی) کرد. ڕۆژی دواییش تالای ئێوارە، لەنێو ڕەز و باخ و ئاو و هەوای دلڕفێنی ئەو هاوینە هەوارەدا مانەوە.

لەگەڵ نێزیکبوونەوەی شەو، خۆیان کۆکردەوە و کەوتنەڕێ و نەوەستان، چوون لە سنووری نگریسەکەی نێویان ناوە سنووری ئێران - عێراق، بە قەراخ گوندی «سەیرانبەن» دا تێپەڕین و پێیان نایە دەشتی «شلێر» ەوە و، لەوێ نووستن... دوو پێشمەرگەکەی کۆمەڵە، ئێستاشی لەگەڵدابێ، نەیانزانی، ئەو چەک و چۆڵانە لە کوێ شاردرانەوە و چییان بەسەرهات...!

## داگیرکردنی
## شاری بانە!

داگیرکردنەوەی شارەکانی کامیاران و پاوە و سنە و مەریوان و سەقز و بۆکان، کارکردی لەسەر ورەی خەڵکی شاری بانە و، تا ڕادەیەکیش لەسەر پێشمەرگە دانابوو. بەسەتان پێشمەرگە و چەکداری سەربەخۆ و نەیاری سیاسیی ڕژێم، لە بانە گیرسابوونەوە. ئەوەش هێندەی دیکە ترس و دڵەڕاوکەی لەدڵی خەڵکی شاردا دروستکردبوو. بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی شار، پێشمەرگە بڕیاریاندا، لە شاردا شەڕ نەکەن، ئەوە بوو، کاتێ هەلیکۆپتەر و لەشکری ڕژێم لە شار نێزیک بوونەوە، پێشمەرگە بە چیای کێوی «ئاربەبا» دا هەڵگەڕان و لە شار دوورکەوتنەوە. پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، بەرەو سنوور و دۆڵی «ئالان» ی سەردەشت ڕۆیشتن. پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە گوندەکانی دەوروبەری بانە و بلەکێ و چەمپاراو و ئالان و بەری سیسێر و نستان دا بڵاوبوونەوە. هەروەها، بەدەیان کەسی سەربەخۆ و ناحیزبیی، ڕوویان لە دۆڵی بنەوخەڵەف و نێوزەنگ و بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کرد. مامۆستا شێخ عێزەدین لەگەڵ ژمارەیەک مەلا و ڕاوێژکار و نێزیکانی، لە مەهابادەوە، گەیشتنە نێوچەی «سوێسنایەتی» و لە گوندەکانی «داوداوێ» و «مام کاوێ» نیشتەجێ بوون. پاش چەند ڕۆژ، مام جەلال بۆلای خۆی بانگهێشتی کردن و، چوون بۆ خرێ نێوزەنگ...

دوکتور قاسملوو، لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزب، شاری مەهابادیان جێهێشتا و ئەوانیش لە نێوچەی «سوێسنایەتی» و گوندەکانی «دۆڵەتوو» و «مەشکاوێ» و بنەوخەڵەف» نیشتەجێ بوون. بەو شێوەیە، شاری بانە لە ڕێکەوتی ١٠ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی (ئەگوستی ١٩٧٩) داگیرکرایەوە.

کاک غەنی بلووریان (مامە غەنی)، باسی ڕووداوەکانی ئەوکاتی ئاوا نووسیوە: **«ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بەدوای شەڕی سنە و سەقزدا، بە نهێنی خۆی گەیاندە نزیک مەهاباد. حیزب، مەهابادی چۆڵکردبوو، بەڵام ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب و دوو دەستە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی و حیزبی سوسیالیست و چەند ئەندامی حیزبی شیووعی کە بۆ هاریکاری ئێمە هاتبوون، لە شار مابوون و جادەکانی ورمێ و میاندوئاویان بۆ مەهاباد خستبووە ژێر چاوەدێری. ئێمە هەڤاڵانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی سەردەشت، لە گوندی «بنەوخەڵەف» و «کانی زەرد» یەکترمان گرتەوە. لەڕاستیدا نەماندەزانی چ بکەین. حیزب ڕێکخراوی بۆ هێزی چەکداری نەبوو، کە پێی بنازێ و هیوا و ئومێدی پێ ببەستێ. دوکتۆر قاسملوو گوتی: «کاکە غەنی واباشە هانا بۆ «جەلال**